

# بەسواری شەمەندەفەر بۆ لای مەولەوی

هێمن بەرزنجی
(سلێمانی)

«١»

قاچی چەپم لە دەرگای حەوشەوە بەرەو کۆڵان هێنایە دەر، کۆڵان چۆڵ و بێ دەنگ، ئەوە یەکەم جارە هەست بکەم، لەناو پەل و چڵی درەختەکانەوە دەنگ و جریوەی چۆلەکە و گمەی کۆتر نایەت، بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ لەکوێ بن..!؟ ئایا جێگەیەکی دیکە هەیە بۆی بچن؟ دوێنێ لەسەر درەختەکە چۆلەکەیەک دەیجریواند، وەک ئەوەی گۆرانی بۆ مەعشووقە دوورەکەی بڵێت.وەک ئەوەی بانگی بکات لە دوورڕا بێتەوە بۆ لای، ژیان بۆ باڵندە خۆشە، باڵندەکان دەتوانن بچنە بەرزایی سەدان پێ و بەرەو قووڵایی ئەتمۆسفیری ئاسمان، خۆزگە هیچ نەبا باڵندەیەکی بچووک بام، کوێم پێ خۆش بوایە بۆی بچوومایە، ئەگەرچی هێشتا زانست ئەوەی نەسەلماندووە، باڵی چۆلەکەیەک چەند پەروانەی هەیە؟ خێراییەکەی هێزی چەند ئەسپ دەبێت؟ ڕۆژێک بەباوکمم گوت: باوکە ئەگەر مرۆڤ باڵی هەبایە چی ڕووی دەدا!؟

باوکم خوێن ساردانە گوتی:

– هیچ.

دەمزانی نەیدەویست بڵێت، گەر مرۆڤی باڵدار هەبا، سەر هەسارەکانی تریان ناخۆش دەکرد، دەڕۆیشتن و هەسارەکانی دیکەیان پیس دەکرد. لەوێوە زەوییان گووباران دەکرد.

جارێکیان هەر ئەو باوکەی من گوتی: ساڵانی زوو، کە هێشتا پشتاوپشتی ئێمە لەدایک نەبووبوون. قەومێکیان لە ئاسمانەوە بەردباران کرد.

گوتم ئەوەم بیستووە:ئەوە قەومی لووت بوو.

باوکم برۆکانی تێکنا و گوتی: وس.

دوێنێ تەماشای چۆلەکە تەنیاکەم دەکرد، کە لەو چڵ بۆ ئەو چڵ دەفڕی، سەری بە هەر چوار دەوریدا دەسووڕاند، لەوە دڵنیابوو ئاسایشی کۆڵان بەرقەرارە، لەسەرخۆ لە سەرچڵی درەختەکە هەڵفڕی، لە زەوییەکە نیشتەوە، بە دەنووک شتێکی هەڵگرت و هەڵفڕییەوە، تەماشای بەژنی خۆمم کرد، گوتم: خوای تەعالا چی دەبوو، مێروولەباین و بەهەموو کونێکەوە بچووینایە. مرۆڤ نۆ کونی هەیە، توانایی نییە بچێت بە یەک کونی خۆیشیدا، ئەفسووس بەم بەیانییە هیچ دەنگی جریوە و گمەی کۆتر نایەت

بەمەراقێکەوە دۆخەکە فەرامۆش دەکەم، وردە وردە ملی شەقامی کۆڵانەکە بەشەقاوە لەسەرخۆکانم دەبڕم. ئەو جانتایەی بە کۆڵمەوەیە بڕێک قورسە، دەڵێم: قەیناکە هەر هێندەی گەیشتمە سەر شەقامە گشتییەکە پاسەکە دێت و ئەو قورساییە زۆرە بەکۆڵمەوە نامێنێت.

دەگەمە ئاستی دوکانی سەر سووچی کۆڵانەکە، سڵاوێک لە خاوەنەکەی دەکەم، خاوەن دوکانەکە ڕێک لە مەلا عەبدولڕەحیم "دەچێت، هەمان ئەو مەلا عەبدولڕەحیمەی "بەدیع بابەجان" وێنەکەی کێشاوە. من خۆشەویستییەکی سەیرم بۆ ئەو پیاوەی خاوەن دوکانەکە هەیە، خۆلەبەر ئەوە نا، کە چەند ساڵێک خۆشەویستی کچەکەی بووم، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە ڕێک لە مەلا "عەبدولڕەحیم" دەچێت.

سەربوردەی ناسینی من و مەلا عەبدولڕەحیم، بۆ شەوێک دەگەڕێتەوە، شەوێک کە لەنێو ژوورە تایبەتەکەی خۆم، چاوم بە کتێبخانە بەجێماوەکەی باوکمدا دەگێڕا، لەناکاو چاوم بە دیوانی شیعری مەلا عەبدولڕەحیم کەوت، ئەو شەوە دوای ئەوەی دەستم برد لەنێو ڕەفەی کتێبخانەکەدا دیوانەکەم دەرهێنا، وەک هەموو ئەو ساتانەی، کە باوکم لەسەر کورسییە جۆلانێکەی کتێبی دەخوێندەوە، دانیشتم، کەمێک لە ڕووبەرگی دیوانەکە ورد بوومەوە، لە چاوەکانی مەلا عەبدولڕەحیمدا، مەحزوونی و ستەم و غەمم دەبینی، وێنەکەی دەیویست شتگەلێکم پێ بڵێت، کە هێشتا هیچ کەسێک نەبیری لێ کردبووەوە، نەدرکی بە پەنهانی کردبوو. لەسەرخۆ ڕووبەرگی دیوانەکەم هەڵدایەوە، ڕاستەو ڕاست دەستم بەخوێندنەوەی ژیانی ئەو کرد، لەگەڵ گەشتکردنم بەنێو ژیانیدا زۆر نهێنی پەنهان دراوم بۆ دەرکەوتن، نهێنییەک دواجار هانی دام وتارێکی لەسەر بنووسم.

«٢»

بە کۆڵانەکەدا دادەگەڕام، لە خەمی زوو گەیشتن بووم بە شەمەندەفەرەکە. ژنێک لە پێشمەوە دەڕۆیشت. نەمدەزانی ئەو ژنە لە کوێوە دەهات و خۆی بە کۆڵانەکەی ئێمەدا دەکرد، بەڵام ئەو بەیانییەش وەک هەموو بەیانییەکانی دیکە، لەچکە پیرۆزەییەکەی بەسەرەوەبوو، هەندێک لە پرچە زەردەکەی لە ژێر لەچکەکەوە سەریان هێنابووە دەر، بەسەر پشتەملیدا پەخش بووبوون، تا ئاست ناوەڕاستی پشتی. من هەمیشە حەزم بەو ژنانەیە، کە تاڤگەی قژیان بەسەر پشتیاندا شۆڕدەبێتەوە، بەلەنجە دەڕۆن و شەپۆل و لەرینەوە لە قژیاندا دروست دەبێت، سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. ژنەکە لە پێشمەوە دەڕۆیشت، "با" بۆنی عەترەکەی لێ دەکردەوە، دەیهێنا بۆ بەر لووتم، چەند ئاسوودە بووم بە هەڵمژینی ئەو "با" عەتراوییە. هەر زوو جۆری ئەو بۆنە عەترەم ناسییەوە. بۆنی عەتری تیرۆزی ژنانە. دوای ساڵانێکی درێژ هێشتا دەمتوانی، ئەگەر لە ناو ئاپۆرایەکی زۆردا بم بۆنی چەندان جۆری عەتر لێک جیابکمەوە، هونەری جیاکردنەوەی بۆنی عەتر شتێک نەبوو، لە مندا بەهرەیەکی خۆڕسک بێت، بەڵکو ساڵانێکی زۆر شاگردی سۆفی عەلی بۆنخۆش بووم. سۆفی ئەو پیاوەی لە قەیسەری نەقیب دوکانی فرۆشتنی عەتری هەبوو. بێ ئەوەی بهێڵم ژنەکە بەو هەموو هەستەی خۆیەوە، هەستم پێ بکات هەنگاوەکانم خێراتر کرد، گەیشتمە هاوشانی ژنەکە، ویستم سڵاوێکی لێ بکەم، بەڵام هەر زوو بەخۆم گوت: نا، سڵاو کردن لە ژنێکی نەناس باش نییە، هەروەها گوتم: نەکا ئەو ژنە بەدەم بڕینی ڕێگاوە، لە خەیاڵێکی جواندا بێت، من بۆچی خەیاڵەکەی لێ تێک بدەم!؟ چەند هەنگاوێک پێکەوە هاوشانی یەک ڕۆیشتین، لەناکاو پێکەوە بەرەو ڕووی یەک ئاوڕمان دایەوە، تەماشای یەکمان کرد و بزەیەک گرتینی. بزەیەک تا قووڵایی ڕوحم ڕۆچوو. ئاخر هەموو ئەو پیاوانەی لە ئایین وەرگەڕاون، ئەوانەش کە لە پێناوی ژندا مرۆڤیان کوشتووە، یەکەمین بزە و تەماشاکردن عاشقی کردوون. حەللاج لە سەرەمەرگدا ئاوڕی بۆ ژنێک دایەوە، گوتی: زەردەخەنەکەت، سوهرەوەردیش وەک حەللاج، تەنانەت یەکەمین نیگا و یەکەمین بزەی خوشکەکەی قابیل و هابیل ئەو کوشتارەی خوڵقاند، من نامەوێت بڵێم ژنەکان تاوانبارن بە کوشتن و دروستبوونی جەنگ، بەڵام ئەوە پیاوەکانن، بە بزە و نیگایەک عەقڵ لەدەست دەدەن. دەستیان بە خوێنی یەک سوور دەکەن، بڕێک جار بیر

لەوە دەکەمەوە، ئەگەر یووسف بەو ڕادەیەی زولەیخا عاشق بوایە، زولەیخا دڵڕەقی لەگەڵدا بکردایە، یووسف گەورەترین جەنگی دەخولقاند، بەڵام زولەیخا بەو هەموو عەشقەوە تەنانەت چاوەکانیشی لەدەست دا و وەیلانی کۆڵان و شەقام و ڕیسواییشی چێشت، ئازاری پەپوولەیەکیشی نەدا.

ژنەکە وەک سروشتی هەمیشەیی خۆی لەسەر خۆ دەڕۆیشت، جگە لەو وێنەیەی ڕوخساری کە بە یەکەم نیگا گرتم، جارێکی دیکە ئاوڕی نەدایەوە. کە بەتەنیشت یەکەوە دەڕۆیشتین بیرم دەکردەوە، ئەم ژنەم بینیوە، ئەم ژنە لە کەسێک دەچێت.لەو ژنەی مەلا عەبدولڕەحیمی بەخۆی عاشق کرد، ڕاستییەکەی لەو شەوەی کە دەستم بە خوێندنەوەی ژیان و بەرهەمی مەلا عەبدولڕەحیم کرد، چەندان جار وێنەی عەنبەرم لە شیعرەکانی مەلا عەبدولڕەحیمدا بینی. سەیر بوو ئەو ژنەش کوتومت لەعەنبەر دەچوو، ئێوارەیەک ئەو هەموو وەسف و وێنانەم لە شیعرەکانی مەلا «عەبدولڕەحیم»دا کۆکردەوە، کە بە وشە نیگاری عەنبەری کێشابوو. بردم بۆی "سەروەت سەوز" پێم گوت: مامۆستا دەمەوێت هەمان ئەو وەسف و نیگارەی مەلا عەبدولڕەحیم لە شیعردا باسی کردوون، بۆم بکەیت بە تابلۆیەک. مامۆستا داواکەی قبووڵ کردم. من لێ نەگەڕام چەند جارێکی دیکە هەمان داوام کردەوە، مامۆستا هەموو جارێک هەمان وێنەی دەکێشایەوە. بەسەرسامییەکەوە، کە هێندەی نەدەما هاوار بکەم، بەڵام دانم بەخۆمدا دەگرت و لەدڵی خۆمدا دەمگوت: ئەمە چ پەرجوویەکە خودایە.

لەگەڵ ژنەکە پێکەوە شەقامی کۆڵانەکەمان بڕی گەیشتینە سەر شەقامە گشتییەکە، بە ئاراستەی وێستگەی پاسەکە ڕۆیشتین. گوزەرکاتێکی کەم چاوەڕوانی پاسمان کرد، پاش نیو کاتژمێر پاسەکە هات، هەردووکمان پێکەوە سەر پاسەکە کەوتین، وا ڕێککەوت، لەتەنیشتی یەک دانیشتین، بە خێراییەکی کورت یەکترمان ناسی، ئەو وا خۆی ناساند ماوەی پازدە ساڵە لە کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراوی سلێمانی کاری بەرگدرووە، پاشان دەستم برد لە ناو جانتاکەمدا، دیوانەکەی مەلا عەبدولڕەحیمم هێنایە دەر. ژنەکە بە لاچاو تەماشای دیوانەکەی کرد و شیعرەکانی لەگەڵ خوێندمەوە.

«٣»

ئەوەی من دەربارەی لە دایکبوونی مەلا عەبدولڕەحیم باسی دەکەم، بەداخەوە لە چیرۆکی ژیاننامەکەیدا نییە، بەڵام من لە خەیاڵمدا چیرۆکێکم دروست کرد: تۆیش ڕێک وای بهێنە پێش چاوت، لە نیوەشەوێکی مانگی ئازار ساڵی (هەزار و هەشت سەد و شەش) ژنەکەی مەلا سەعید لەکۆتا ساتەکانی دووگیانیدا ژان دەیگرێت، ژنانی دراوسێ بەدەم ئازار و ژانی منداڵ بوونی ژنەکەوە، خۆیان دەگەیەننە ماڵی مەلا سەعید. ڕێک وا هێنامە پێش چاوم، دوای تاوێک ژنە مامانێک، بە پڕیاسکەیەکەوە لەدەرگای حەوشەوە خۆی بەژووردا دەکات، ئا لەو ساتەدا "مەلا سەعید" بەترس و نیگەرانییەوە بەو نیوە شەوە لەسەر بانیژەکە، لەژێر ئاسمانی هەساودا، هاتوچۆی بووە، دوای دوو کاتژمێر ژنە مامانەکە لە ژووری پشت هەیوانەکە دێتە دەرەوە، خۆی دەگەیەنێتە بەردەم مەلا سەعید بە زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێت:

"جەنابی مامۆستا خودا کوڕێکی جوانی پێ بەخشیت "

مەلا سەعید دەستێک بە تەنکە ڕیشەکەیدا دەهێنێت، بە ڕوویەکی گەشەوە سوپاسی ژنە مامانەکە دەکات، پاشان ڕووەو قیبلە دەستەکانی هەڵدەبڕێت، بەدەنگی بەرز ستایشی خوای تەعالا دەکات. بەڕوویەکی خۆشەوە ژنە مامانەکە بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات، لەبەردەم تانکییەئاوەکە دەستنوێژێک هەڵدەگرێت، دواتر بەرەو مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی دەکەوێتە ڕێ. ئەوەشم هێنایە پێش چاوم، کە بەر لەوەی مەلا سەعید پێ بخاتە ئەو دیو دەرگای مزگەوتەکەوە، دەبینێ فەقێ "مارف" فتیلەکانی هەڵکردوون. ژووری مزگەوت ڕۆشن بووەتەوە، دوای ئەوەی فەقێ مارف بانگی بەیانی دەدات، بەر لەوەی فەقێ قامەت ببەستێ، مەلا سەعید ڕوو دەکاتە نوێژخوێنەکان و دەڵێت: ئەمشەو خوای زولجەلال کوڕێکی پێ بەخشیوم، نوێژ خوێنەکان بەو هەواڵە دڵخۆش دەبن، پیرۆزبایی بوون بە باوکی لێدەکەن.

«٤»

لە پاسەکە دابەزیم، لەگەڵ ژنەکە بە پردەکەدا پەڕینەوە ئەو بەر شەقامەکە، بە چاو ماڵئاواییمان لەیەک کرد، ئەوە دوایەمین لێک جیابوونەوەمان و دوا دیدار و دوا یەکتر بینینمان بوو، من دەمویست زیاتر ڕوخساری ببینم، هەر بۆیە تا گەیشتمە ناو وێستگەی شەمەندەفەر، چەند جارێک ئاوڕم لە ژنەکە دایەوە، بەڵام ئەو کورتە

ئاورێکی نەدایەوە، لای خۆم وام لێکدایەوە ژنێکی دڵڕەق بێت، یان هیچ ئەڤینێک لە دڵیدا بوونی نەبێت، یان پیاوێک وای لێکردبێت، بۆ هەتا هەتایە قفڵێک لە دڵی بدات و کلیلەکەشی بەئەنقەست ون کردبێت.

گەیشتمە ویستگەی شەمەندەفەرەکە، لەسەر کورسییەک، لە تەنیشت پیاوێکەوە دادەنیشم، پیاوێک نەدیو و نەناسیاو، دەیویست سەرگوزەشتەی ژیانیم بۆ بگێڕێتەوە. وام خەملاند ئەو پیاوە وەک هەندێک بنیادەمی دیکە، دەیەوێت سەری قسەیەک دابمەزرێنێت، دەیەوێت تەشی ڕۆژگاری خۆیت بۆ بڕێسێت، پیاوەکە دەستی برد، لە پاکەتە کیسە سۆمەرەکەی جگەرەیەکی دەرهێنا، جگەرەکەی خستە نێوان دوو لێوی و لەسەرخۆ دایگیرساند، بەڵام نە فریا دەکەوت جگەرەکەی بەتەواوی بکێشێت، نە فریای گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی دەکەوت. من حەزم دەکرد چەند کاتژمێرێک شەمەندەفەرەکە دوا بکەوێت، سەرگوزەشتەی ژیانی ببیستم، جارێکیان بە بەرێوەبەرێکی ڕادیۆم گوت، پێشنیار دەکەم، بەرنامەیەکتان هەبێت، کە تێیدا میوانداری پیاوانی بەساڵداچوو بکەن، تا ئەزموون و چیرۆکی ژیانی خۆیان بگێڕنەوە، بۆ ئەم کارە هانم دا و دڵنیاشم کردەوە، ئەو بەرنامەیە گوێگرێکی باشی دەبێت، بەڵام ئەو گەمژەیە پێم پێکەنی هیچی نەگوت.

لە دوورڕا دەنگی شاوری شەمەندەفەرەکە هات، لەناکاو دەوروبەری ویستگەکە پڕ بوو لەمنداڵ. وەک ئەوەی گێژەڵووکەیەکی ناکاو هێنابێتنی، وەک ئەوەی لە زەوییەوە هەڵتۆقیبن، منداڵانی گوڵەبەڕۆژە فرۆش و ڕۆژنامەفرۆش و گوڵفرۆش. شەمەندەفەرەکە گەیشتە ئاستی ویستگەکە وەستا.هەندێک سەرنشین هاتنە خوار. منداڵەکان بەدەوری پەنجەرەی فارگۆنەکاندا بڵاوبوونەوە. خۆیان دەخستە سەر نووکی پێ و دەستیان تا ئاستی سەرنشینەکان درێژ دەکرد. بەدەنگە بەسۆزەکەیان هاواریان بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان دەکرد.

« ٥ »

دوای پەنجا خولەک لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم، دیسان کۆڵە پشتەکەم بەکۆڵمدا دایەوە، دەبوو زیاتر لە کاتژمێرێک پیادەڕۆبم، تا دەگەمە گوندی. لەوێشەوە بۆ سەر گۆڕی مەلا عەبدولڕەحیم، بەدڵێکی خۆشەوە هەنگاوم دەنا، گەیشتمە گوندەکە، چاوم بە پیاوێک کەوت، پیاوێکی قژ ماش و برنجی، پیاوێک لە قسەکردندا سۆزێکی مۆسیقا لە دەنگیدا بوو، پیاوەکە سواری گوێدرێژێک بووبوو، ملی بەرەو ئاوایی نابوو، من پرسیاری ئەوەم کرد، کە گۆڕی مەلا عەبدولڕەحیمم پێشان بدات، ئەو ڕەشمەی گوێدرێژەکەی ڕاکێشا، هەڵوێستەیەکی کرد، لە گوێدرێژەکە هاتە خوارەوە، هاوشانی من دەستی کرد بە ڕۆیشتن. گوتی:

–ئێوە ڕۆژنامەنووسن..؟

چاوم بڕییە خانووەکانی گوندەکە، هەمان دیمەنە خەیاڵییەکانی خۆمم هاتەوە بەرچاو، کە بۆ هاتنی عەنبەر و لە دایکبوونی مەلا عەبدولڕەحیم، دروستم کردبوون، سەرسام بووم بەوەی چۆن ئەو چیرۆکە خەیاڵییانە هاتوونەتە مێشکمەوە، بێ ئەوەی چرکەیەک لەو گوندە ژیابم، پاشان گوتم:

– ڕاستی من هەم کاری ڕۆژنامە دەکەم، هەمیش یەکێکم لە شیعردۆستانی بەڕێزیان.

پیاوەکە دەستی بە ئاراستەی سەرقەبرانی گردەکەی بەرانبەر گوندەکە ڕاکێشا گوتی:

– بەڕێزیان لەوێن، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم، ئەم زانا پایە بەرزە فەرامۆش کراوە، بڕۆ سەر گۆڕەکەی بەچاوی خۆت لە ڕاستی قسەکانم دەگەیت.

پیاوەکەم بەجێ هێشت، ڕۆیشتمە سەر گۆڕەکەی، گۆڕێکی فەرامۆشکراو، گۆڕی زانایەکی وا گەورە لە هەر جێگەیەکی دنیا بوایە، بە چواردەوریدا فەزایەکی بۆ دروست دەکرا، پاشماوە و یادگاری و دەستنووس و تەنانەت ماڵەکەشی دەکرایە موزەخانە. گۆڕەکەم خاوێن کردەوە، هەندێک ئاوم بەسەر خۆڵە وشکەکەی سەر گۆڕەکەیدا پرژاند، بەدەنگی بەرز سڵاوم لێکرد و لە خوار قاچەکانییەوە دانیشتم، وەک ئەوەی لە پلانەکەمدا هەبوو، دەستم بە نووسینی لێکۆڵینەوەیەک، لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانی مەلا عەبدولڕەحیم کرد، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکەم کارێکی پۆلیسی، هەڵدانەوەی دۆسییەیەکی تەمومژاوی بوو لەسەر ئەو پلانە دووروودرێژەی کە بۆ کوشتنی دارێژرابوو. بەلای خۆمەوە کارێک بوو، کەهەم ڕۆحی مەلا عەبدولڕەحیم، ڕۆحی منیشی ئاسوودە دەکرد. دوای تەواوبوونی کارەکانم، لەسەر گۆڕەکەی بەدەنگی بەرز گوتم: جەنابی مەلا عەبدولڕەحیم، دەزانم دەنگم دەبیستی، دەزانم تۆ پێت خۆش نییە دوای زیاتر لە سەدە و نیوێک لێکۆڵینەوەیەک لەسەر چۆنێتی لەناوچوونت بنووسم، بەڵام ئیزن بدە من ئەو کارە بکەم و نەهێڵم ئەو تاوانە فەرامۆش بکرێت، کە بەرانبەرت کراوە، نەهێڵم خوێنی تۆ بەهەدەر بڕوات.

«٦»

دیسان من ناچار بووم، چیرۆکێک لەخەیاڵمدا بۆ هاتنی خاتوو عەنبەر دروست بکەم، ئاخر چەند گەڕام و کۆشام، چەند لاپەڕەکانم سەروبن کرد، شتێکم لە چیرۆکی عەنبەر خاتوون وەچنگ نەکەوت، بەم جۆرە وام هێنایە پێش چاوی خۆم: کە بەیانییەکی ڕۆژی دووشەممەی ساڵێک لە ساڵان و دووەم مانگی بەهار و کاتژمێر (دە)ی بەیانی، چەند ژنێک، ڕێک لەو کاتەدا لەسەربانی یەکێک لە ماڵەکانی گوند، خەریکی فەرش تەکاندن بوون، وا ڕێکدەکەوێت بەر لەهەموو خەڵکی گوند، ژنانی فەرشتەکێن، دایکی مەلا عەبدولڕەحیم، لە تووڵە ڕێیەکی گوندەکەوە کوڕ و کچێک دەبینن کە بەرەو گوندەکە دێن. کوڕەکە ڕەشمەی هێسترەکەی بەدەستەوە دەبێت. نەرم نەرم ڕێگا دەبڕن، ڕووەو ئاراستەی مزگەوتی گوندەکە. ژنەکان دەست لە تەکاندنی فەرشەکە هەڵدەگرن، کوڕ و کچەکە دەخەنە ژێر چاودێرییەوە.کوڕ و کچەکە دەگەنە بەردەرگای مزگەوت، کوڕەکە هێسترەکەی بەقەدی دار توووەکەوە دەبەستێتەوە. کچەکە لە هێسترەکە دادەبەزێت، لەپاش براکەیەوە خۆی دەکات بە حەوشەی مزگەوتدا، ئا لەو کاتەدا مەلا عەبدولڕەحیم. لە سەر حەوزەکە دەستنوێژ هەڵدەگرێت. بە ژنەفتنی دەنگی ئەوان ئاوڕێک دەداتەوە.ئەوە یەکەمین بەریەک کەوتنی بینینیان دەبێت، لەگەڵ خەڵکی ئاواییەکەدا، لە خەیاڵی خۆشمدا وام خەمڵاند، لە یەکەمین بینینی کچەکە و مەلا «عەبدولڕەحیم»دا، زەردەخەنەیەک ڕوودەدات. دواتر ئەو زەردەخەنەیە دەبێتە هەوێنی ئەڤینێکی گەورە.

«٧»

دوای ئەوەی تەواوی نووسینەکەم بۆ ڕۆژنامەیەک نارد، هەموو ئێوارەیەک، سەرێکم لە کۆشکی ڕۆژنامەفرۆشەکان دەدا. تەواو نائومێد بووم، هەستم بە تەریق بوونەوە دەکرد، ئەوەندە هەواڵم پرسی هیچ نەهاتە گۆڕێ، بەخۆم گوت:چۆن سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، ڕێگە بەخۆی دەدات، بابەتێکی وەها بلاوبکاتەوە، ئەو شەڕە بئاڵێنێتە قاچی خۆی. ناچار ڕۆیشتمەوە، لەسەر واڵەکەی خۆم لەناو فەیسبووکدا لێکۆڵینەوەکەم پۆست کرد، بەناوونیشانی " مەلا عەبدولڕەحیم، نەمردووە، بەڵکو کوژراوە.

«٨»

بەر لە خۆرئاوابوون دوای ئەوەی لەکار گەڕامەوە خۆم بەماڵدا کرد، هەرکە دایکم چاوی بەمن کەوت، بە ترس و شپرزەییەکەوە بەرەو ڕووم هات و بێ سڵاو کردن گوتی:

"پێش نیوەڕۆ ئۆتۆمبێلی پۆلیس هاتە بەردەرگا، دوو پۆلیس هەواڵی تۆیان پرسی، پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بوون تۆ لە ماڵ نیت، پارچە کاغەزێکیان پێ واژۆکردم و ڕایانگەیاند بڕۆیتە بنکەی پۆلیس"

دەمویست دایکم لەو شڵەژاوی و ترسەی ئارام بکەمەوە، پێم گوت: دایکە هیچ خەمت نەبێت، ئەوان پیاوی دەوڵەتن، پیاوانی دەوڵەتیش مایەی مەترسی نین، کاغەزەکەم وەرگرت و خوێندمەوە

"بەڕێز: ئاهورا.. جەنابتان بۆ بنکەی پۆلیسی.. بانگهێشت کراون، سەبارەت بە تۆمەتێک کە خراوەتە پاڵتان، تکایە لە ماوەی حەفتا و دوو کاتژمێردا ئامادەبن.

ڕاستییەکەی تا ئەو کاتەی تەماشای واڵەکەم نەکرد، نەمزانی هۆی بانگهێشت کردنم بۆ بنکەی پۆلیس، هۆکاری ئەو هەموو کۆمێنت و نارەزاییەی دۆست و هاوڕێیان و دۆستانی شیعری مەلا «عەبدولڕەحیم»ە، تەنانەت کار گەیشتبووە، ئەوەی ئەگەر دەوڵەت، لێپرسینەوەم لەگەڵ بکات و سزام بدات، خۆپیشاندان ئەنجام دەدرێت، قاقایەکی بڵندم لێ دا و گوتم: ڕوحت ئاسوودە جەنابی مەلا عەبدولڕەحیم، ئاواتی گەورەم هاتە دی.

«٩»

کاتژمێر هەشتی بەیانی خۆم گەیاندە بنکەی پۆلیس، دوای ئەوەی پۆلیسێک بۆ ژووری بەڕێوەبەر ڕێنمایی کردم، بەڕێوەبەر بەڕێزەوە فەرمانی دا دابنیشم، دوای خۆناساندنم بەڕێوەبەر ئەوەی لاخۆش بوو، هاووڵاتی بەدەم داوای یاساییەوە بێن، پاشان بەهەمان ڕێزەوە لەگەڵ ئەفسەری لێکۆڵەردا منی ناردە ژووری لێکۆڵینەوەوە، نەدەترسام، ژیرانە خۆمم بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە ئامادەکردبوو، شەوی ڕابوردوو هەموو ئەو کۆمێنت و نامانەی بۆم هاتبوون، کردبوومنە پرسیار و خۆم وەڵامم بۆیان دانابوو، بۆ نموونە: تۆ بە چ هۆکارێک دەیسەلمێنی «مەلا عەبدولڕەحیم»یان کوشتووە..؟ ئایا هەست ناکەیت بەم کارەت کێشە دەخەیتە نێو ئایینەکان؟ ئایا دەزانی ئەگەر هاتو ئەو کەیسەی دەستت بۆ بردووە، ڕاستییەکەیت بۆ نەسەلما، دەبێت بە نەفرەت بکرێیت، هەرچی ئەو کۆمێنتانە بوو کە لە کەسانی ئایینییەوە بۆم هاتبوون، پێیان وابوو وێڕای بوختانێکی گەورە، وێڕای

ئەوەی کە دەتەوێت بە هۆی مەلا عەبدولڕەحیمەوە خۆت هەڵبواسیت و ناوبانگ پەیدا بکەیت و هیچی تر نییە. تاکە کەسێک کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام نامەی کچێک بوو بەناوی "کەتان " کە بۆی نوسیبووم: بەڕێز ئاهورا دوای سڵاو: من دەستخۆشی لە کارەکەت دەکەم، هەڵبەتە ئەو کارەت زۆر گرینگ و پڕ بایەخە. دەخوازم کۆڵ نەدەیت، ئەوەتا لە وڵاتانی خۆرئاوا، دوای چەندان ساڵ کەیسێک هەڵدەدەنەوە، کە گومانیان لێی هەیە. من سوپاست دەکەم، چاوەڕوانی ئەوەم دۆسییەکە بگاتە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر.

وەک گوتم تۆزقاڵێک ترسم نەبوو، خۆ ئەگەر نەک لەو جێگەیەشدا لەبەردەم دادوەر و داواکاری گیشتیشدا بوایە، من بۆ خۆم ئەوەم لەبەرچاو گرتبوو، کە دەستم بۆ دۆسییەکی قورس بردبوو، دۆسییەک، کە جگە لە بنەماڵەی مەلا عەبدولڕەحیم، هەزاران شیعردۆست و دەروێشی ناو دیوانی شیعری لێم دێنە دەنگ، ئەگەری ئەوەشم بۆ دانابوو، بڕێک لە شاعیران و عاشقانی شیعر، بڕژێنە سەر شەقام. بە لافیتەی نارەزاییەوە ڕووەو دادگا بڕۆن و داوای دادگاییم بکەن، سەرەنجام پێشبینییەکەم ڕاست دەرچوو، بەڵام من هەرگیز باکم بەوە نەبوو. ئەگەر بێتو لەسەر ئەو دۆسییەیە زیندانی هەتا هەتاییش بم. ئەوەتا ئەوان بێدەنگ نەبوون، بێشبینییەکەم هاتە دی، لەسەر ئەو لێکۆڵینەوەیەی بڵاوم کردووەتەوە لەسەر داوای بنەماڵەی مەلا عەبدولڕەحیم، زۆر لە خوێنەرەکانی لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و توندم لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەوانە هیچیان منیان پاشگەز نەدەکردەوە، من هەر لەسەر ئەوە سوور بووم کە مەلا عەبدولڕەحیمی شاعیر لە کۆتایی تەمەنیدا بە فێڵێک لەناو براوە.

لەگەڵ ئەفسەری لێکۆڵەردا، بە بێدەنگی بەناو ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشتین، بەرلەوەی بگەینە دەرگای ژوورەکە، ئەفسەری لێکۆڵەر بە ڕێزەوە دەستی لەسەر پشتم دانا، فەرمووی وەژوورکەوتنی لێکردم، هەنگاوم بەرەو ناو ژوورەکە هەڵهێنا، چاوم بە دوو کەس کەوت، دوو کەس کە پلەیان مفەوەز بوو، ئەوان ژن و پیاوێک بوون، ژنەکە لەپشت مێزی کۆمپیووتەرەکە دانیشتبوو، ژنە پۆلیسەکە بە سڵاوکردنەکەم لە جێگەی خۆی هەڵنەستا، تەنیا وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە، بەڵام پیاوەکە، کە خۆی بە پێوە لە دەوری مێزی لێکۆڵینەوەکە وەستابوو، بە گەرمی پێشوازی لێکردم، بە دەستی ڕاستی ئاماژەی بۆ کورسییەکەی بەرانبەری کرد، فەرمووی دانیشتنی لێکردم. لەسەرخۆ لە جێگەی ئاماژە پێدراو دانیشتم.

پێنج خولەک هەر چوارمان بێدەنگ بووین، لەناکاو ڕووناکی لەو ژوورەدا نەما، پۆلیسێک خۆی وەژووردا کرد و گوتی: گەورەم بۆردی کارەبای فەرمانگە گڕی گرت، پێویستە بۆ سەلامەتی لێرە بڕۆنەدەر.

«١٠»

ڕۆژی چوارشەممە، کاتژمێر یازدەی بەیانی، کە لەنێو حەوشەکەدا لەسەر جۆلانێکە دانیشتبووم، تەق لە دەرگا درا، دایکم کە لە دەرگاکەوە نزیک بوو دەرگاکەی کردەوە، دیسان کە چاوی بە پۆلیسەکان کەوت، بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئێوە چیتان لەکوڕەکەی من دەوێت؟

پۆلیسێک بە زەردەخەنەوە بە دایکمی گوت:

– ئێمە هیچ کارێکمان بەو نییە، بەڵکو یاسا داوای دەکات.

دەمزانی دایکم ڕێگە بە پۆلیسەکان نادات بێنە ژوورەوە، پۆلیسەکانیش ئەو بەربەستە دەشکێنن و ڕێگری قبووڵ ناکەن، لە جێگەی خۆم بڵند بوومەوە، دوای واژۆکردنی پارچە کاغەزێک تێگەیشتم بۆ دووەم جار لە ڕێگەی ئاگادارییەکەوە بۆ بنکەی پۆلیس بانگ کرامەوە، هەر زوو خۆم گەیاندە ئەوێ، وەک جاری پێشوو بەڕێزەوە لەگەڵ هەمان ئەفسەردا ڕۆیشتمەوە بۆ ژووری لێکۆڵینەوە، هەموو شتێک ساز و ئامادەبوو، لەبەردەم مێزەکەدا لەگەڵ ئەفسەری لێکۆڵەر ڕوو بەڕووی یەکدی دانیشتین.

ئەفسەر هاتە ئاخاوتن:

"بەڕێز ئاهورا.. بۆ خۆت دەزانی ئێمە لێرەین بۆ خزمەتکردن، چارەسەری گرفت و بەرگرتن لە ڕووداو"

دەستێکم بە چاوی ڕاستمدا هێنا و بەوپەڕی دڵنیاییەوە گوتم:

"بێ گومان قسەکەتان پشت ڕاست دەکەمەوە، کار و خزمەتی ئێوە مایەی ڕێز و لەبەرچاو گرتنە "

پاشان سەری دانەواند وەک ڕازی بوون بە قسەکانم و گوتی:

"سەیرکە بەڕێز ئاهورا ئێمە تۆمان بانگهێشت کردووە، لەسەر داوای بنەماڵەی بەڕێز مەلا عەبدولڕەحیم و خەڵکانێکی زۆر لە عاشقانی شیعر و شیعردۆستان، ئێوە تۆمەتبار کراون بە دەست بردن بۆ کەیسی کوشتن، لەگەڵ ئەوەی ئەوان ئەوە ڕەت دەکەنەوە، وێڕای بە درۆزن زانینی ئێوەش، داوای ئەوەت لێ دەکەن چۆنیەتی ئەو ڕووداوە و چیرۆکی کوشتنەکەی بسەلمێنیت.

لەو پەرداخـە ئاوەی لە بەردەممدا دانرا بـوو، قـومـێکم خواردەوە، پاڵم بە کورسییەکەوە دایەوە گوتم:

– بەڕێز، سـەرەتا من پێم باشـە بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان، وێڕای ئاشنا بوونتـان بە شـیعـرەکـانی مـەلا عەبدولڕەحیم، تەواوی ژیاننامەکەشی بخوێننەوە، چونکە بێ خـوێندنەوەی چیرۆکی جەنابیـان، من و تۆ ناگـەینە سەرئەنجامێک.

ئەفسـەری لێکۆڵەر وەک ئەوەی من بەوە تۆمـەتبـارم کـردبێت کـە لەبەر چاوی دوو هاوکـارەکـەی تەریقم کردبێتـەوە، کەمێک ڕوخساری سوور هەڵگەڕا و تووڕە خۆی نیشان دا و گوتی:

–من لە گەنجیمدا دیوانەکەیم خوێندووەتەوە، هەروەها ژیاننامەکەیشی.

بەڵام من دڵنیـابووم کە ڕاسـتی نەدەکـرد، چونکە هەر پرسیارێکم لێ دەکرد دەیگوت: بیرم نەماوە، ئەوەی تێدا نییە، شیعری وای نییە، بۆیە جەختم لەوە کردەوە، کە بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەبێت ئەفسەری لێکۆڵەر ژیاننامەی مـەلا عـەبدولڕەحـیم زیاتر لە سێ جـار بە وردی بخـوێنێـتـەوە. ئەمـە داوایەکی قـورس بـوو لە ئەفـسـەری لێکۆڵەر، هەروەها من پێداگیـریم کرد، کە هیچ شـتێک سەبارەت بەو دۆسیەیە ناڵێم، ئامادەنیم یەک وشە بێمە ئاخـاوتن، لە سـەرەتـادا ئەفسـەری لێکۆڵەر بەم داوایەی من قـەڵس بوو، لەوێدا کـێشـە لە نێـوانمان دروست بوو، هەر زوو بەڕێوەبەر لە ئاکـامی دەنگە دەنگـەکـەی ئێـمـە خـۆی بەژووردا کـــرد، بەڕێوەبەر دوای گـــوێگرتن لە هەردووکـمـان داواکـەی لە بەرژەوەندی من پەسـەند کرد، چوار ڕۆژ مـۆڵەتیـان پێدام. پێم ڕاگـەیەنرا، بێ ناردنی هیچ ئاگـانامەیەک، بەپێی خۆم بێمەوە بنکەی پۆلیس و هەمان ژوور.

«١١»

ڕۆژێک پێش ئەوەی کـــە دەبوو لە بنکە ئامـــادەبم، بەکاری وەفـاتنامەی باوکم، بەرەو شار ڕۆشتبووم، بەڵام نە کـارەکـانم بۆ جـێبــەجێ کـران، نەتوانیم ئێـواره بگەڕێمەوە، بەیانی لەو بەڵێنەی کە لە نێوانماندا هەبوو، کـاتژمێرێک درەنگتر گەیشتمە بنکەی پۆلیس، ئەوەم بۆ بەڕێوەبەر ڕوون کـردەوە، کـە بەهۆی باوبۆرانەوە نیـو کـاتژمێر شەمەندەفەرەکە دواکەوتبوو، ڕاستییەکەی من سـەرنجی بەڕێوەبەرم بۆ شـتێک ڕاکێشـا کە بەڕێوەبەر بە بیستنی قسەکانم ئەوق بوو، ئەوەبوو گوتم: بۆ یەکەم جار کە هێڵی شەمەندەفەریان ڕاکێشا، من یەکێک بووم کە شەرەفی یەکەمین گەشتی شەمەندەفەرەکەم پێ بەخشرا، هەڵبـەتە من لە هیچ کـام لە کوڕی بەرپرس و بەڕێوەبەر و بنەماڵە زەنگینەکـان نەبووم، ئەوە ڕێکەوتێک بوو هیچی تر، بۆ خۆیشم نازانم ئەوە چۆن ڕووی دا، بێ هیچ ئاریشە و بەربەسـتێک لە فـارغۆنی دوو سەرکـەوتم، لە کـوشنی تەنیـشت پەنجـەرەکـەوە دانیـشـتم، ئەوەشم بەبەڕێوەبەر گـوت: ئەو کـات کـە سـەرکـەوتم، پیـاوێک بە کـەواو سەڵتەیەکەوە شۆفێری شەمەندەفەرەکە بوو، ئەو شۆفێرە ڕێک لە ئەحـمـەد بەگی جـاف دەچوو، دەمـــزانی کـە بەڕێوەبەر ئەحـمـەد بەگی مـوختـاربەگی جاف دەناسێ، چونکە لە ژوورەکەیدا پارچەیەک شیعری لەگەڵ وێنەکەیدا هەڵواسیبـوو. بەڕێوەبەر دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی: وای لـەو ڕێککەوتە جـوانە، خـۆزگـە منیش شـەرەفی یەکەمین گەشتم بەو شەمەندەفەرە پێ دەبەخشرا، پاشان فـەرمـانی بە پۆلیـسێک کرد، لەگـەڵیـدا بڕۆم بۆ ژووری لێکۆڵینەوە.

«١٢»

ڕاستییەکەی، ترسی هەرەگەورەم ئەوەبوو، دوای ئەوەی ئەو داوایەم لە لێکۆڵەر هەبوو، ئەفسـەری لێکۆڵەر ڕقی بەرانبـەرم هەڵگرتبـێـت، دۆسـیـەکـە لە بەرژەوەندی کەسانێک تۆمار بکات، بەڵام دەمزانی کە ئەو دەسەڵاتی دادوەری نییـە. مایەی خۆشبەختی بوو، بە پێچەوانەی گومانەکەی من، ئەفسەری لێکۆڵەر بە ڕوویەکی خۆش و ڕوو بە خـەندەوە پێـشـوازی لێکردم، پاشـان پێکەوە لە دەوری مێزەکە لەسەر کورسییەکە دانیشتین. ئاماژەی بە پەرداخـەکـە دا کـە هەندێک دەمم تەڕ بکەم و سـەری بۆ پۆلیسە ژنەکەی پشت کۆمپیووتەرەکە سووڕاند و گوتی:

–ئێوە ئامادەن؟

ژنەکە ئامادەیی خۆی نیشان دا. گوێی بۆ قسەکانی من هەڵخست.

ئەفسەر گوتی: لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– ئێوە پرسیار بکەن،

–تۆ چۆن دەیسـەلمێنی کـە «مـەلا عـەبدولڕەحـیم»یان کوشتووە؟

زمانێکم بە لێومدا هێنا، گوتم:

–گـومـانم لەوە نیـیـە ئێـوە ژیاننامـەی «مـەلا عەبدولڕەحیم»تان خوێندووەتەوە.

بە پێکەنینێکەوە گوتی " بەڵێ هەر ئەوەی کە داواتان کردبوو، خوێندوومەتەوە.

– کەواتە " ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ساتەی کە

هەر یەکە لە مەلا عەبدولڕەحیم، عەبدوڵڵا پاشا، گەنج و هاوتەمەن بوون، هەروەها هاتنی عەنبەر خاتوون بۆ ئەو گوندە.

–تۆ دەتەوێت بڵێیت: بەهۆی عەنبەر خاتوون مەلا عەبدولڕەحیم کوژراوە؟"

– ڕاستییەکەی بەڕێز، کێشەکە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە، بەڵام لە عەنبەر خاتوونەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەفسەر دیار بوو لەگەڵ خوێندنەوەی ژیاننامەی «مەلا عەبدولڕەحیم»دا، زۆر لە ژیانی ئەزبەر کردبوو، بۆیە گوتی:

– من ئەوە دەزانم برای عەنبەر خاتوون، عەنبەری بە عەبدوڵڵا پاشا نەداوە، لە پاش ئەوە بەخشییە مەلا عەبدولڕەحیم.

بەرادەیەک دڵخۆش بووم کە ئەفسەری لێکۆڵەر بەتەواوی چیرۆکەکەی خوێندووەتەوە، بۆ خۆیشی لە سەرەداوێک تێگەیشتووە، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر بۆی ڕوون بکەمەوە، گوتم:

–عەبدوڵڵا پاشا ئەو ڕقەی لەدڵ گرت، هەر ئەوەش بوو باوکی مەلا عەبدولڕەحیم، ئەوی دوور خستەوە و ناردییە بەرخوێندن، ناردییە شارەکانی سنە و مەریوان و بانە، ڕاستییەکەی مەلا سەعید بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە لە گوند دوور بخرێتەوە و کۆتایی بەو ناکۆکییە بێنێت، پاشان مەلا عەبدولڕەحیم و عەنبەر خاتوون، شار و گوند و گوند بەدوای زانیندا دەڕۆن. بۆ ماوەی چەند ساڵێک نایەنەوە ئاوایی.

ئەفسەر لەسەرخۆ پرسی، چەند ساڵێک یانی چەند.

–جەنابی ئەفسەر: بۆ خۆت دەزانی لە مێژوونامەی ژیانیدا ئاماژە بە ساڵەکانی ڕۆیشتنی نەکراوە، هەروەک چۆن ئەوەیش نەنووسراوە کەی مەلا عەبدولڕەحیم عەنبەر خاتوون گەڕاونەتەوە.

نازانم چ ڕێکەوتێک بوو هەردووکمان پێکەوە، دەستمان دایە پەرداخە ئاوەکە، پاش خواردنەوەی، پرسیارێکی نوێی لێکردم.

–تۆ چۆن ئەوەت زانی لە نێوانی عەبدوڵڵا پاشا و مەلا عەبدولڕەحیم، کێشە هەبووە؟

– بەڕێز، ئەگەر چی لە ژیاننامەکەیدا هیچ ئاماژەیەک بە کێشە و تووڕەیی عەبدوڵڵا پاشا نەدراوە، بەڵام بۆخۆتان دەزانن دڵشکانی عەبدوڵڵا پاشا هەروا ئاسان تێنەدەپەڕی!؟ مەلا عەبدولڕەحیم هەروەک چۆن ئەو مێژوونووسە لە یاداشتکردنی ژیانیدا، ئاماژەی بەوە نەکردووە، کە دوا بە دوای پێدانی عەنبەر خاتوون بە مەلا عەبدولڕەحیم، ئایا برای عەنبەر خاتوون، چی بەسەر هات؟ چۆن مرد؟ کەوتە کوێوە؟ ئایا بەر غەزەبی تووڕەیی عەبدوڵڵا پاشا نەکەوت؟ ئایا گەڕایەوە بۆ ئەفغان؟ ئەمانە هیچ دیار نین.

ئەفسەری لێکۆڵەر ئەوەی پشت ڕاست کردەوە، بەڵام لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: وەک لە یاداشتەکەدا هاتووە، کوشتنی مەلا عەبدولڕەحیم، بەدەستی عەبدوڵڵا پاشا نەبووە.

بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕابکێشم، بۆ نێو قووڵایی دۆسیەی لەناو بردنی مەلا عەبدولڕەحیم، گوتم:

–بەڕێز سەیرکە، من هیچ کاتێک لە هیچ شوێنێک نەمگوتووە، کە مەلا عەبدولڕەحیم بە دەستی عەبدوڵڵا پاشا کوژراوە، ئێمە دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە کاتێکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوەی ئەواندا تێدەپەڕێت. هەر زوو مەلا عەبدولڕەحیم لە تەکێ و خانەقاکان و مزگەوتەکان، تەنانەت لە گوندەکەی خۆیشی دوور دەخرێتەوە، لێرەوە باسێکی تر دێتە ئاراوە، وەک لە ژیاننامەکەیدا ئاماژەی پێ دراوە، ئەویش چوونی مەلا عەبدولڕەحیمە، بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ خوێندنی زانستی مەلایەتیدا، مەلا عەبدولڕەحیم ڕوو دەکاتە شیعر و هونەری مۆسیقا.

ئەفسەری لێکۆڵەر لە من باشتر دۆسیەکەی لا ڕوون بووەوە، بەڵام ئەو دەبوو لێکۆڵینەوە لەگەڵ من بکات، تەنانەت مافی پشتیوانیکردنی لە قسەکانم نەبوو. بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

–ئەمە چ پێوەندییەکی بە کوشتنەکەیەوە هەیە؟

دەستی ڕاستم لەسەر مێزەکە دانا، پەنجەیەکم تەقاند و گوتم:

– بەڕێز، دوای ئەوەی مەلا عەبدولڕەحیم لەگەڵ زانستی ئایینیدا، دەستی کردووە بە شیعر نووسین، وەک ئاماژەیەک بۆ فێربوون و ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقا، لەچەند شیعرێکدا باس لە جۆشوخرۆش و خۆشسازی چەند ئامێرێکی مۆسیقا دەکات، هەر ئەو کاتیش لەکۆڕە شیعرییەکانیدا، یەکەم کەس دەبێت لە شاعیرانی باشوور کە بە مۆسیقاوە شیعری خوێندووەتەوە.

–من ئەوە دەزانم بێ گومان لە ژیاننامەکەیدا خوێندوومەتەوە، بەڵام ئەوە چ کێشەیەکی بۆ دروست کردووە؟

– جەنابی ئەفسەر پێویستە ئێمە لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی ئایین، کە بەهەمو شێوەیەک نەک ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقا، تەنانەت گوێگرتنیشی قەدەغە

کردووه، سزای تایبەتی بۆ داناوه، بەم هۆیە هەر زوو لە تەکییە و مزگەوتەکاندا مەلا عەبدولڕەحیم بە لادەر لە ئایین وەسف کراوه، بەوه تاوانبار کراوه کە لە ئایەت و حەدیسەکان لای داوه. بەم پێیەش مقۆ مقۆ دەکەوێتە ناو ئەهلی زانایان و مەلاکانی ئەو سەردەم، ئیدی جەنابی مەلا عەبدولڕەحیم، وەک جاران شیرین و لەبەردڵان نابێت.

–ئەوه ڕاستە، بەڵام لە ژیاننامەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی ڕق و کینە نییە، لە مەلا عەبدولڕەحیم..!؟

– بەڕێز هەروەک پێم گوتی: من نازانم چۆن چیرۆک و سەربوردەی ژیانی بۆ کۆکراوەتەوه، لە بەرژەوەندی کێ دەست بە کۆکردنەوەی چیرۆکی ژیانی ئەو کراوه، ئەوەتا لەدوای کێشەی ژن خواستنەکەی جارێکی دیکە لە هیچ جێیەکدا، باس لە چیرۆکی خێزانی نێوان خۆی و عەنبەر خاتوون نەکراوه، ئاخۆ دەکرێت لە کۆکردنەوەی ژیانی ئەو پایە بەرزەدا، چیرۆکی خێزانی فەرامۆش بکرێت؟ بۆ نموونە ئایا ئاریشە هەبووه لەگەڵ عەنبەر خاتووندا؟ ئایا لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ ئەو شارانەی کە چووه؟ ئایا چۆن و لە چ کاتێکدا منداڵیان بووه؟ ئەمە و زۆر شتی دیکە....

– تۆ لە وتارەکەتدا باسی یارسانی و کاکەییەکان دەکەیت، هەروەها مەسەلەی (باوه یادگار)، ئەمە چ پێوەندییەکی بە کوشتنەکەیەوه هەیە؟ دەتەوێت بڵێیت: مەلا عەبدولڕەحیم، بووەتە کاکەیی.

–جەنابی ئەفسەر، ڕەنگە ئیدی ورووژاندنی وەها قسەیەک تۆزێک سەخت بێت، بەڵام من ناچارم هەموو شتێک کە هۆکاربێت بۆ لەناوبردنی مەلا عەبدولڕەحیم، لەهەر جێیەک هەر شتێک هۆکاربێت من کۆی بکەمەوه و بە هۆکاری بزانم.

–چۆن؟ دەتوانی وردتر لەبارەیەوه قسە بکەیت.

– بەڕێز، لە کۆتایی ئەو ساڵانەدا کە مەلا عەبدولڕەحیم، پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مۆسیقا دەبێت، بەم پێیەش لەناو ئەهلی تەکێ و خانەقاکاندا جێگەی نابێتەوه، وەک تۆش لە یاداشتنامەکەیدا خوێندووتەتەوه، پێوەندی بە یارسانییەکانەوه دەکات، هەڵبەتە ئەم هاوپێوەندییە بە یارسانییەکانی "پاوه"و دەوروبەری شاری "سنە"وه گرێ داوه، لەوێشەوه لەسەر دەستی ئەوان فێری ژەنینی ئامێرەکانی میوزیک بووه، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوه، بە عەشقەوه هاوڕێیەتی یارسانی و کاکەییەکانی باشوور دەکات، وەک گوتم: چونکە لەناو تەکێ و مزگەوتەکاندا کۆڕی شیعری و ژەنینی ئامێرەکانی میوزیک جێگەی نەبووەتەوه، لەبەر ئەوەی جەنابی مەلا عەبدولڕەحیم، شەوانە بەنهێنی بۆ کۆڕی شیعر و مۆسیقا ڕوودەکاتە (باوه یادگار) وەک خۆت دەزانی، ئەو کە پێشتر مقۆمقۆی لادەر لە ئایینی لەسەر بوو، هەواڵی بوون بە (کاکەیی)شی بڵاو دەبێتەوه، بەڵام ئەو گومانەیان هەرگیز بۆ ساغ نابێتەوه، چونکە مەلا عەبدولڕەحیم بەڕۆژ لەناو مزگەوت و میحرابدا بینراوه، هەروەها چەند شیعرێکیش بۆ کاکەیی و یارسانی دەنووسێت و ئەوانیش دەیکەنە گۆرانی و سروودی ئایینیی خۆیان، بۆیە ئیدی هیچ گومانێک لەوه نامێنێت کە مەلا عەبدولڕەحیم بووەتە کاکەیی.

– تۆ لە وتارەکەتدا، یاوەرەکەی تاوانبار دەکەیت بە کوشتنی، ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە!؟

– بەڕێز وەک لە ژیاننامەکەیدا هاتووه، مەلا عەبدولڕەحیم، دەڕواتە پرسەی دۆستێکی لە گوندێک، شتێک لێرەدا شارەوایە، ئەویش ناونەهێنانی ئەو فەقێیەیە، یان ئەو کەسەی یاوەری کردووه، ئایا خۆی دەستنیشان و داوای کردووه یاوەری لەگەڵ بکات!؟ یان لەلایەکی دیکەوه بۆی دانراوه!؟ هەروەک لە ژیاننامەکەیدا هاتووه، کردەی خۆکێشان بە پەلی درەختەکەدا لەسەرەتای ڕۆیشتنی نەبووه بۆ ئەو گوندە، بەڵکو لەکاتی گەڕانەوەیدا ڕووی داوه، ئەوەتا وەک لەزاری ئەو یاوەرەوه دەڵێن کە مەلا عەبدولڕەحیم، بە یاوەرەکەی گوتووه، کە گەیشتینە ئاستی ئەو درەختە، پێم بڵێ سەرم دانەوێنم، بەڵام یاداشتنووس دەڵێت: یاوەرەکەی بیری چووەتەوه، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن یاوەر و فەقێیەک، قسەو ڕێنمایی گەورەیەکی خۆی بیر دەچێتەوه؟

– من لەتۆ دەپرسم بۆچی لەبیری چووەتەوه؟

– بەڕێز، ببوورە ئیدی من هیچ شتێک لەبارەیەوه ناڵێم، بۆ دادگا بەجێی دەهێڵم.